دێرین

ژمارە (4) هەینی 2006/10/20
سەرپەرشتیاری لاپەڕە: محەمەد پاکژ

# عەزەی داودی، کێویێك شۆڕش، کێویێك ورە، خەرمانێك قسەی خۆش

**فەیزوڵلا برایم خان**

هەر مێژوو نوسێ بیەوێ روداووگۆرانکاری و قۆناغەکانی شۆڕشی نوێ تۆمار بکات بەتایبەت لە ناوچەی باڵەکایەتی و سەرەتاکانی یەکەمین چەخماخەو دواتر ناکرێت باس لە مرۆڤێك، لوتکەیەك، هەڵۆیەك، بەهەموو واتای پێشمەرگایەتی پێشمەرگەیەکی رۆح سوك و خۆش مەحشەر و چاونەترس نەکرێت. ئەویش عەزیز داودە لە ناو شۆڕش و هاوسەنگەرانی ناسراو بە عەزەی داودی.ئەو کەڵە پیاوە لە ناوچەی باڵەکایەتی مەکۆی هەمیشە شۆڕش لە شارەدێی قەسرێ چاوەکانی پشکووتوون و لە مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێیە.کەس نییە تەنیا بۆ چرکەیەکیش ئەو پیاوەی ناسیبێت ئاشنا نەبێت بە ئازایەتی و قسەو بەسەرهاتە خۆشەکانی. لە ساڵەکانی هەشتاکاندا کاتێ فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی 78 کارۆخ ناوە ناوە سەردانم دەکردو هەرجارەی ئەو مرۆڤە سادەیە زیاتر لەبەرچاوان خۆشەویست تر دەبوو. لە دوای راپەرینی 1991 هاتەوە ناوچەی سۆران و ئاشنایەتی و دۆستایەتیمان پەرەی سەند. لەبەرئەوەی نەخوێندەوار بوو نەیتوانی بوو روداو بەسەرهاتەکان بخاتە سەرکاغەزو بیخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان، بۆیە بریارماندا بوو دەرفەتێ دروست بکەین و بیرەوەری و بەسەرهاتە تاڵ وخۆشەکانی بۆ تۆمار بکەم و بلاوبکرێنەوە. بەلام سەد مخابن مەرگ مەودای نەداو چووە کاروانی سەروەرانەوە، فەردەیەك بیرەوەری و بەسەرهات و نوکتە خۆشەکانی خۆی لەگەڵ خۆیدا بردە ژێر گڵەوە. بەلام دڵنیام کە بەسەرهاتە خۆشەکانی ئەو لای هاوسەنگەرانی و دۆستانی ماون وبۆیە هیوادەخوازم ئەوەی لایانە بیخەنە سەرکاغەزو خەڵکی کوردستانی پێ ئاشنا بکەن لە گەرمیانەوە تا دەگاتە کوێستان.

دوو رۆژ بەر لەو روداوەی بووە هۆی لە دەستدانی ئەو مرۆڤە بەرزە لە ناو بازاری سۆران چاوم پێکەوت، عەزە سەر بەباڵی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان بوو لە ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و تازە کۆنگرەی یەکگرتنەوە کۆتایی پێهاتبوو. قسەکانی ئەو کابرایەهەمیشە تەنز ئامێز بوون بۆیە لەو چاوپێکەوتنەی دوا جاریدا پێی ووتم: دەمەوێ ببم بە کۆمەڵە، ووتم: عەزە ئێستا ئەو باڵانە نەمان و هەموویان بوون بەیەك باشە بۆچی کاتی خۆی کۆمەڵە نەبووی، ئێستا دەتەوێ ببیت بە کۆمەڵە؟ ووتی: ئاخر تازە بۆم دەردەکەوێ کە رێکخراوێکی باش بووە.

لێرەدا باس لە یەکێك لە بەسەرهاتەکانی خۆشی ئەو دەکەم کە بۆی گێراومەتەوە. ووتی: لە دۆڵی ناوزەنگ ئێمەی فەرماندە سەربازییەکان کۆبونەوەمان هەبوو لەگەڵ جەنابی مام جەلال. بەرێزی باسی هەلومەرجەکان و بارودۆخی شۆڕش و مەسەلەی عەسکەری و سیاسی و هتد... بۆ دەکردین و چووبووە ناو قسەوە و منیش هەر دەستی خۆمم بەرز دەکردەوە دەم ووت: مامە، مامە، مامە. ئەویش قسەکانی خۆی راگرت و ووتی: دەهەستە عەزە چیت دەوێ. منیش ووتم: پرسیارم هەیە. مام جەلال پێی ووتم: عەزە دەبینی خەریکی قسەکردنم، بۆ قسەم پێ دەبڕی، کە قسەکانم تەواوکرد ئەوسا هەڵسە پرسیاری خۆت بکە. ووتم: مامە بەخوا دانانیشم، خۆت دەزانی تۆ کابرایەکی خوێندەوارو رۆشنبیریت قسەی خۆت لەبیرناچێتەوە، بەلام من کابرایەکی نەخوێندەوارم ئێستا دابنیشمەوە دوای یەك دەقیقەی تر لە بیرم دەچێت بۆچی هەڵسابووم. ئینجا مام جەلال ووتی: دە پرسیارەکەی خۆت بکەو منیش پرسیارەکەم کرد.

هەموو جار لە گۆشە خنجیلانەکەی کاك رەهبەری سەیدا برایم لە کوردستانی نوێ چاو بە ناوی عەزەدا دەگێرم بەلام بەداخەوە تا ئێستا هەرچاوەڕوانم.

## جەمەدانی بوو بە (هەویە)

**پ.م دێرین/ شەفیق چاوشین**

لەمانگی 9 ی ساڵی 1987، دوژمن هێرشی بۆ سەر بارەگای مەڵبەندی 3ی هەولێر لەدۆڵی سماقولی هێنابوو.

ئەوکات شەهید رێبازسەرتیپی تیپی (86) ی دەشتی هەولێر بوو، بروسکەیەك گەیشتە تیپەکەمان، بە زووترین کات بگەینە بارەگای مەڵبەندی 3 .

ئێمە بە سەرپەرشتی شەهید رێباز بۆ سنوری مەڵبەند بەرێکەوتین. کە گەیشتینە دۆڵی سماقولێ ئێمەیان دابەشکرد بەسەر چەند قۆڵێکەوە، من کە جێگر کەرت بووم بەلام سەرپەرشتی کەرتم دەکرد، کەرتەکەی ئێمەیان نارده (قۆپی سوسێ)، دووکەرتی تریشمان کە(شەهید مەلا سلێمان) سەر پەرشتی دەکردن، چووەنە سەری (بەنەباوی) بە هاوکاری لەگەڵ پێشمەرگەکانی تیپی (87) قەرەچۆغ.

ئێمە لەگەڵ شەهید رێبازدا لەناو رەزەکانی پێش سوسێ بووین، هێزێکی دوژمن کە لەجاش و سەربازێکی زۆر پێکهاتبوو، لە قۆڵی ئێمە زۆر جاران هێرشی دەهێنا، بەلام بە زەرەرو زیانێکی زۆرەوە دەشکا و دەگەڕایەوە دوواوە، جاشەکان دیاربوون جاشی ناوچەی بادینان بوون هەریەکەو دوو جەمەدانیان لەسەر بوو، لەوتێشکانەی دوژمنزیاتر لە (5) کلاشنکۆف و (10)جەمەدانیمان گرت، هەر ئەو شەوە شەهید رێباز هەواڵەکەی دایە مەڵبەندی (3)، خەتی جیهازەکانمان هەمووی لەگەڵ یەك قسەی دەکرد.

مام غەفور لە (بەنەباوی) بوو، لەجیهاز وتی چەند (هەویە) تان گرتیە. شەهید رێباز وتی: (هەویە) حساب ناکەین، لەمەودوا (جەمەدانی) حساب دەکەین، مام غەفور ووتی: چەند جەمەدانیتان گرتییە، شەهید رێباز وەلامی دایەوە زیاد لە (10) جەمەدانیمان گرتییە، مام غەفور وتی: جەمەدانی حەل نیە، چونکە جاشەکانی بادینان هەریەکەو دوو جەمەدانیان لەسەرە، ئەگەر (10) جەمەدانی بێ واتە پێنج جاش کوژراوە، شەهید رێباز ووتی نەخێر (10) جەمەدانی یە واتە (10) جاش کوژراوە، ئیتر (جەمەدانی) بووە (هەویە).




## ژنە ئەنفال

**محەمەد پاکژ**

1

برسی و هەژار...
رۆژی لەسەر دەرگا دەدات.
هەتاو شەرم..
لەبەرگی رەش پۆشی دەکات.
کەچی...
ماڵە دەوڵەمەندەی ویژدان مردوو،
خەریکن دەشێلەن بەدز..!
نازانن ژنە ئەنفالەو پرسیاری
ناونیشان دەکات.

2

هەموو شەوێ...
لەسەر رێی مانگ دادەنیشم،
کەدێ لەبیابانەوە.
لێی دەپرسم...
ئەو کەنیشکە پاکیزانە..
بۆچی هەر نەگەڕانەوە؟!

## فێنکەباس

**دەروو پاکژ**

## مارێك بۆردومانی خەستی بیربردینەوە

**فریاد هیرانی**

**ساڵ:** 1988
**مانگ:** نیسان
**رۆژ:** 20
**شوێن:** شاخی سوور
**روداو:** بۆردومان و شەری مار

ئێستاش وەك فیلمێکی سینەمایی دێتەوە یادم و لە بەر چاومە، بەرەبەیانی 1988/4/20 هێشتا هەژموونی تاریکی خۆی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو، دونیایەکی کش ومات، تەنیا دەنگی کەڵەشێرو حەپەحەپی سەگ لە ژێرەوەی شاخی سوورو لە گوندی (گەرەوان) بەحاڵ ئەبیسترا... جارجارە هەست بەدەنگی پێی ئەو پێشمەرگانە ئەکرا کەبۆ حەرەسیات یەکتریان ئەگۆری، لە سەرووی ئێمەو لوتکەکەی بەرامبەرمان تا دەهات غەڵبەغەڵب زیاد ئەبوو. ئەم دوو شوێنە هێزێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی لێ بوو کە (شەهید رێبان) سەرپەرشتی ئەکردن، ئێمەش نزیکەی (25) پێشمەرگەی حزبی شیوعی بووین کە (شەهید سەعدون) بەرپرسمان بوو... لەم شاخی سوورەوە چەندین هێرشمان بۆ کرابوو، هەموو هێرشەکان شکستی ئەهێنا، جاش وهێزەکانی گاردی کۆماری بە کۆمەڵێك تەرم و بریندارەوە رایان ئەکردو شۆڕیان ئەکردەوە (سیساوە) و (حەریر)... لەم بەرەبەیانەشدا لەگەڵ کزە بایەکی سارد دووبارە بۆنی شەرو خوێن ئەهات... بێ دەنگی و کش و ماتی ترس و نیگەرانی بلاوئەکردەوە، لەم حاڵەتانەدا پێشمەرگە حەزی ئەکرد زوو تەقە دەست پێ بکا، چونکە هەر لەگەڵ دەستپێکردنی تەقە، ترس و نیگەرانیەکە بوخچەو بارگەی ئەپێچایەوە.

هەموو پێشمەرگەکان لە خەو هەڵسان، هەر یەکەی لە پەنا تاشە بەردێکەوە خەریکی خۆ توندو تۆڵ کردن بوو دەنگی کۆکەی ئەو پێشمەرگانە ئەبیسترا کە جگەرەکێش بوون و لە خورینی جگەرەیان ئەکێشا... وردە وردە تا ئەهات بێ دەنگی شەو ماڵ ئاوایی ئەکرد و دونیا روناکتر ئەبوو، لەم کاتەدا نزیکەی 15 مەترێك دوور لە ئێمە کە کۆمەڵێك پێشمەرگەمان ناردبووە خوارەوە و بۆسەیان دانابوو لەگەڵ ئەوان دەستڕێژو زرمەزرمی نارنجۆك دەستی پێکرد ئێتر وەك هەموو جارێك هەریەکەمان لەناو ئەم ئاگربارانەدا خۆمان گەیاندە شوێنی خۆمان، کە هەر دوو پێشمەرگە سەنگەرمان بەکەڵەکە بەرد دروست کردبوو، کەلەگەڵ ئێمە بوو بەشەر، لە بەرامبەریشمان لەگەڵ (شەهید رێبان)یش شەرێکی خەست دەستی پێکرد هێرشەکەی رژێم، هێرشێکی بەرفراوانی گاردی کۆماری و جاشەکانی سەر بەمەفرەزە خاسەکان بوو، ئیتر تاکو سەعات (10)ی پێشنیوەرۆ شەر بە قورسی بەردەوام بوو، نەیانتوانی یەك سەنگەری پێشمەرگە بگرن و وەك چەند رۆژی رابردوو شکستیان هێنا. بەلام دوای شکستەکەیان، بە تۆپی گەورەو راجیمەو هاوەن بۆردومانێکی بێ وێنەی هەموو (شاخی سوور)یان کرد. من لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر پەنامان بردە بەر کونێك کە خۆمان دروستمان کردبوو، وەك ئەشکەوتێکی بچوك وابوو لە نێوان دوو بەردی گەورە، کە سەیرمان کرد مارێکی بۆری گەورە چۆتە ناو کونەکەو سەری بەرز ئەکردەوە بۆ شەرکردن، ئێمەش لە دەرەوە بۆردومانەو شوێن نەماوە تۆپ و راجیمەی بەرنەکەوێ، کە مارەکەمان بینی بەو شێوەیە خۆی بۆ شەرکردنمان ئامادە ئەکرد، بۆردومانی لەبیربردینەوە، ناچار یەکێك لە پێشمەرگەکان تەقەی لێ کردوو کوشتی و بە پێکەنینەوە ووتی: با ئەم بەعسیەش بکوژین!

WWW.P-Dereen.com
E:mail-peshmargayderin@yahoo.com

کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت: هەردی ئەنوەر- تریفە محەمەد
دیزاین: عومەر حسێن

هاوکاران: رەهبەری سەید برایم-گۆران جەلال- باپیر محەمەد-فریاد هیرانی-ئازاد سەراویی-هاوڕێ بەکر-مامۆستا کاوە داسنی-فەرهاد مەلا حەسەن -مەریوان عەلی

ناونیشان: سلێمانی- گەڕەکی بەختیاری تازە- شەقامی شەست مەتری- دوکانە مۆرەکان
ژمارەی تەلەفۆن: 3184295 - 07701529093 - 07301112612